# خۆشەویستی و سۆزداری لە ژیانی تایبەتی موژدیندا

ئا: رۆشنە

**موژدین لەدایك بووی ساڵی ١٩٨٢ ی شاری سلێمانییە. باخچەی ساوایان و قۆناغەكانی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی تەواوكردوە. لەتەمەنی چواردەساڵییەوە ژیانی هاوسەرێتی پێك دەهێنێت و دەچێتە وڵاتی هۆڵەندا بۆئەوەی لەبواری هونەریدا بخوێنێت، لەم دیمانەیەدا بۆ گۆڤاری گوڵان باس لە هەندێك لەنهێنیەكانی ژیانی خۆیمان بۆ دەكات.**

### لەمنداڵیدا زۆر نازم هەڵدەگیرا

موژدین دەڵێت « لەمنداڵیدا منداڵێكی زۆر بەنازبووم،چونكە نۆبەرەی خێزانەكەم بووم و زۆر نازیان هەڵدەگرتم تاكو ئێستاش چیم ویستبێت هاتۆتەبەدەرستم . لەمنداڵیدا باوكم هەموو یاریەكانی بۆدەكڕیم . بووكەشووشەیەكم هەبوو بەقەد باڵای خۆم دەبوو زۆرم خۆشدەویست .هەروەها بەمكیاژ پێڵاوەبەرزەكانی دایكمم بۆیاخ دەكرد و هەموویم لێشێواندبوو .كاتێك دەچووین بۆبەغدا دایكم جانتای مكیاژەكانی خۆی لێم دەشاردەوە نەوەك لێی بشكێنم، كاتێكیش منداڵێكی تریان بوو لەگەڵ خوشك و براكانم یاریم دەكرد. بەڵام بەداخەوە ئێستا بەس خوشكێكم ماوە. ئێستاش ورچێكم هەیە ناوی (سوە ) لەگەڵم دەخەوێت

### خۆشترین و ناخۆشترین یادگاریم لەتەمەنی منداڵیدا

موژدین وەك باسی دەكات و دەڵێت «كاتێك لەڕەوزەبووم بەسەیارە دەیان هێنامەوە لەماڵەوە دەیان گۆڕیم و هەرجارەو بەجلێكەوە وێنەیان دەگرتم، ئەوەندەم پێخۆش بوو نەبێتەوە، لەگەڵ ئەوكاتانەی خاڵەكانم دەیان بردم بۆ سەرچیمەنەكان. بەڵام ناخۆشترین یادگاریم ئەوەبوو كە لەمنداڵی قژم زۆر درێژ بوو كاتێك بڕییان كردیان بەكاریێ، زۆرم پێناخۆش بوو.

### لەبەرخاتری هونەرەكەم شووم كرد تا بچمە دەرەوەی وڵات

سەبارەت بەهۆكاری چوونەدەرەوەی وولات «موژدین «وتی « باوكم ئەندازیاری كشتوكاڵی بوو، زۆری پێخۆش بوو لەبوارەكەی خۆیدا زیاتر بخوێنێت. هەروەها حەزم دەكرد بچمە دەرەوەی وڵات بۆئەوەی لەبواری میوزیك بخوێنم . ئەوەبوو دایكم ڕازی نەبوو بچینە دەرەوەی وڵات،حەزی دەكرد لەخزمەكانمان نزیك بین، منیش وتم شوو دەكەم بەس بۆئەوەی میوزیك بخوێنم لەدەرەوەی وڵات . ئەوەبوو نەك بەتەنیا میوزیك بەڵكو چەند بوارێكی تریشم خوێند .

### ناخۆشترین ڕووداوی ژیانم ئەو پرۆسەی هاوسەرگیرییە بووە

موژدین دەڵێت « كاتێك شووم كرد كەسوكارم حەزیان نەدەكرد شوو بكەم. بەڵام



لای من شتێكی ئاسایی بوو، داوای هیچ ئاڵتون و ئەم شتانەم نەكرد، چونكە ئەم شتانە هەموویم هەبوو تەنیا دەمویست بێمەدەرەوەو بۆئەوەی میوزیك بخوێنم و گۆرانی بڵێم. بەڵام ناخۆشترین ڕووداوی ژیانم ئەم پرۆسە هاوسەرگیرییەبوو.چونكە هاوسەرەكەم بەشێوەیەكی دواكەتوو كەسێكی وشكی بێسۆز بوو ؛ئازاری جەستەیی و دەروونی زۆری دەدام، هەربۆیەشە لێی جیابوومەوە. ئەمجارە بەئاسانی شووناكەمەوەو بەوردی لەسەر ئەم بابەتە دەكوڵمەوە، ئینجا بڕیاری شووكردنەوە دەدەمەوە. كوڕێكم هەیە سەرەتا لەلای خۆم بوو بەڵام كاتێك منداڵ دەگاتە تەمەنی دوازدە ساڵی ئیتر خۆی بڕیار دەدات ئاخۆ لای دایكی بێت یان لای باوكی، ئێستاش كوڕەكەم لای باوكیەتی .

### من ئاشقی خۆشەویستیم

موژدین دەڵێت « دوای ئەوەی كەلەهاوسەرەكەمجیابوومەوەدیسانخۆشەویستیم كردەوەو میوزیكژەنێكم خۆشویست، ئیقامەی نەبوو بۆیە چووە وڵاتێكی تر. بەڵام ڕەفتاری ناخۆش و نەشیاوی هەبوو، لەبەرئەوە وازم لێهێنا. هەربەهۆی ئەم كەسەشەوە نەخۆش كەوتم و بۆماوەی ٩مانگ لەنەخۆشخانەبووم. دوای ئەویش كەسێكی ترم خۆشویست، داوای چوونەدەرەوەی لێكردم، پێم شەرم بوو لەگەڵی



بچمەدەرەوە، ئەمەشـــەش ســـاڵ پێش ئێستا بوو، ئیتر دوای ئەوە ئازاری نەفســـی دەدام. چونکەئـــەو نەچوونـــەدەرەوەم بۆخۆی بەرەفز دەزانێت، وازمان لەیەکتر هێنا .

**دوای جیابوونەوەم لەهاوسەرەکەم**

موژدین پێی وایە خۆشەویســـتی پێوەندی بەلایەنی ســـۆزو خۆشەویســـتی و سێکسەوە هەیە هەربۆیەشە دەڵێت « ئەو خۆشەویستیەی کەلەگـــەڵ میوزیکژەنەکەمم دەمکرد لەگەڵ ئەو سێکسم کرد.

کاتێك سێکسیشـــم لەگەڵ کرد بەویستی من نەبوو ئەو دەســـت پێشـــخەر بوو، چونکە ئەو زۆر بەپەلەبوو، پێشـــی نەوتم کەدەڕوات، ڕاســـتیەکەی دەنا سێکســـم لەگەڵ نەدەکرد. سێکس کردنەکەی وەکو پەلاماردان وابوو. ئەم کوڕەحەشیشی دەکێشـــا و بەمنیشی نەوتبوو کەحەشـــیش دەخوات، هەر لەسەر ئەوەش بوو لێـــی جیابوومەوە. ئەو شـــەوەی کەهاتە لام خواردبـــووی، پەلامـــاری دام و هەرچەنـــدم کردخـــۆم پێ دەربـــاز نەکرا لەژێر دەســـتی. کاتێـــك پەلاماری دام هیچ هەســـت و زەوقم بۆی نەبوو، چونکە یەکەمجاربوو لەگەڵی بم . کوڕی کورد هەر دەزانێ خۆی تەواو بەتاڵ بکات و نازانێت چێژێك بەئافرەت ببەخشـــێ، چ پیاوێکی کورد هەیە بزانێت بە عەشـــقەوەو بەباشی سێکس بکات.؟؟

بۆیە ئێستا نایەڵم و ڕێگە نادەم هیچ کوڕێك بێتە ماڵم. تەنانەت ئەگەر لەبۆدیداری هونەریش بێت هەر لەدەرەوە دادەنیشین . زەرەرترین ماددە بۆمێشك حەشیشەیە، چونکە لەپەیمانگا من بواری زانســـتیم خوێندوە،حەشیشە خانەکانی مێشـــك تێك دەدات . ئامادە نیم لەگەڵ هیچ کوڕێك بم کەئەم جۆرە ماددەیە بخوات .

دووەمجاریش کەسێکسم کرد، بەخۆشەویستی نەبوو. بەڵکودوومیوزیکژەن بەیەکەوە پەلاماریان دام. کاتێـــك دوو پیـــاو بەیەکـــەوە پەلامارت بدەن چۆن خۆت پـــێ ڕزگار دەکرێت ناتوانم وردەکارییەکانـــی باس بکەم، تەنیـــا ئەوەندە دەڵێـــم لەئوتێلێك بوویـــن، دوای تەواو بوونی پرۆگرامێکی تیڤی لەئوتێلەکە بە هەردووکیان پەلەماریـــان دام، ئەوانـــە بـــۆکاری میوزیك نەهاتبوون، بۆیە وەك سەگی دڕ بۆپەلاماردانم هاتبوون، ڕێزم هەیـــە بۆمیوزیك ژەنەکان کە



هونەر پێش ئارەزوو دەخەن .

**هیچ کاتێك پەشیمان نیم لەم کلیپەی کەکردوومە**

موژدین ســـەبارەت بەکلیپی «پاداشت « وتی « با کۆمەڵگە ڕەخنەبگرێت، خۆبەڕەخنە نامرم ڕەخنە شتێکی ئاســـاییە، پاشان دەیان کەسیش هەیە کەپشـــتگیریم لێ بکەن، دەڵێن ئەمە داهێنانە، بێگومان ڕووتبوونەوەکە داهێنان نییە، هەرچەنـــدە لەتوانای هەموو کەس نییە ڕووتبێتـــەوە، بەڵام بواری هونەرییانەی ڕووت بوونەوەکە داهێنانە. هیچ کاتێکیش بۆ ئەوسا پەشیمان نیم لەکارەکەم، بەنیازبووم لەبەرهەمی دواتر زیاتر خۆم ڕووت بکەمەوە، بەڵام ئێستا پەشیمان بوومەوە ..

**دەرهێنەری کلیپی «پاداشت « زۆر بەرێزەوە کاری لەگەڵ کردم**

موژدیـــن وەك باســـی دەکات دەڵێت «ئەو دەرهێنەرەی کەکلیپی پاداشتی بۆکردم .

ڕاســـتیەکەی ئەم کوڕە هـــەروەك کوڕانی کوردی هەندەرانی نەبوو، ئەو کەسانەی پێشوو کەکارەکەیان بۆدەکردم پاداشتەکەی پەلاماردانم بوو .بەڵام ئەم دەرهێنەرە ئەوەندە لەگەڵم بەڕێز بـــوو پەنجەیەکی بۆگیانم نەبرد و زۆربەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم . کەسی واش هەیە خۆڕاگرەوخۆ گەر بەڕووتیش بتبینێت دەستت بۆناهێنێت..

# کێ منی کردە لەشفرۆش ؟

ئا: دیار سالار

لــە ڕۆژێکی تەمومــژو بارانــاوی کە دنیــا بولێڵ بوو، کاتــێ کۆمەڵە ئافرەتێکی لەشــفرۆش چاوەڕێــی بڕیــاری بەندکردن بوون و لەناویاندا کچێکــی هەرزەکارم بینی کە بەتاقــی تەنیا دانیشــتبوو، لەناو هۆڵە گەورەکــەدا دوور لەهەمــوو ئافرەتەکانی تر دانیشــتبوو،لەچاوەڕێی بڕیاری دادگا بوو تا ســزای بەندکردنی بدرێت، ئەگەر تەماشات بکردایە پرسیارێکی سەرسوڕهێنت بەمێشکدا دەهات، ئاخــۆ بۆچی ئەم کچــە مناڵکارە تاوانی چی ئەنجامــداوە وبۆ ڕۆژی خۆی گەیاندۆتە ئێرە، باشە ئەم کچە شۆخە دەبێت لەچ شتێکی کەم بووبێت وا بەم وشە ناشرینە کە لەشفرۆشە ناوزەدەبێ، خۆم پێڕانەگیراو لێی چوومە پێشەوەو قەناعەتم پێکرد بەسەرهاتی خۆییــم بۆبگێڕێتەوە،بــەم شــێوەیە وەڵامی دامەوەو هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە، داواشــی لێکردم کە ناوەکەی بەنهێنی لەلای مــن بمێنێتەوەو منیش بەڵێنــم پێیدا، ئەویش زۆر بەهێمنانە و لەسەرخۆ بەسەرهاتی هەموو ژیانــی خێزانیــی و چۆنیەتــی تێوەگلانی بەکاری لەشفرۆشیەوە بۆ گێڕامەوە:

هــەر لەمنداڵییەوە کەچــاوم بەدنیای پڕ لەمەینەتــی هەڵهێنا،هێشــتا تــەواو فامم نەکردبووەوە و لە بەســەرهات و ڕووداوەکانی دەوروپشــتم تێنەگەیشــتبووم، هەســتم بەوە دەکرد کەخــودای گەورە و تاك و تەنیا منی لەخێزانێکدا دروست کردووە کەلەناویاندا هەست بەنامۆیی دەکەم، چونکــە خێزانەکەمان زۆر شــڵەژاو بوون بەجۆرێك کەس بەکەس نەبوو، باوکــم هەرخەریکی مــەی خواردنەوە بوو، دایکیشم هەر خەریکی گەڕان و چوونەدەرەوە بوو، من هەر لەمنداڵییەوە هەســتم بەجۆرێك لەتەنیایی دەکرد و هەڵسوکەوتی خوشکەکانم بەدڵ نەبــوو، چونکە لەهەمــوو ئەندامانی خێزانەکەمــان بچووکتر بووم، تووشــی جۆرە نامۆبوونێــك ببــووم نەمدەزانــی چیبکەم، چونکە کەســێك نەبــوو ئامۆژگاریم بکات، بەناچارییەوە لە هەموو شــتێکدا چاوم لەوان دەکــردو لاســایی کردەوەکانیانــم دەکردەوە ، لەمنداڵییــەوە لەخێزانێکــدا بــووم کە هیچ جــۆرە بنەمایەکی پەروەردەیــی ڕێکوپێکی تیادا نەبــوو، دایکم کەیبانۆی ماڵبوو، بەڵام هەرگیز لەماڵەوە دانەدەنیشــت و هەمیشــە دەچووە دەرەوە و زۆر کەســێکی بێسەرووبەر بوو، بۆبەرژەوەندی و حەزەکانی خۆی ئێمەی بەتەواوی پشتگوێ خســتبوو تەنیا بایەخی بەخۆجوانکردن و خۆ ڕێکخستنی خۆی دەدا و باوکیشم هەر ئێوارەی لێدەهات ڕووی دەکردە یەکێك لەیانەکانی شەوانەو و درەنگانی شەو بەسەرخۆشــی دەهاتەوەو یەکسەر دەنووست و ئێمەش نەماندەزانــی چیبکەین، بەئارەزووی خۆمان کەوتبووینە کــۆڵان و ژیانی خۆمان لەبــەردەرگا دەبردەســەر و کەســێك نەبوو لێمان بپرســێتەوە، ئەوەبوو ژیانی ڕۆژانەمان بەمشێوەیە بوو باوکم نەئاگای لەدایکم مابوو نەئاگای لەئێمەبوو، تەمەنی من بەم شــێوە سەقەتە دەڕۆیشت تا چوومە قوتابخانە؛ لەوێ توانیم لەوانەکاندا باشــبم و وردە وردە هەنگاو بنێم و تاڕاددەیەك ســەرکەوتن بەدەستبهێنم، بەڵام سێ خوشکە گەورەکەم بۆکاری لاساری هانیان دەدام هەمیشــە پێیاندەوتم کەپێویستە لە ئێستاوە هەوڵبدەیت پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا دروست بکەیت و ئەوەتا ئێمە هەموو پێوەندیمان لەگەڵ کوڕە دراوســێکاندا دروستکردووە، تۆش دەبێت وا بکەیت بۆئەوەی بتوانیت لە داهاتوودا ژیانێکی باشت هەبێت، هەمیشە پێیان دەوتم خوێندن هیچ نییە پێویستە هەوڵبدەیت خۆشەویســتی بۆخۆت دروســت بکەیت، تەنانەت کاتێك لەگەڵ خوشکەکانمدا دەچووینە دەرەوە کوڕان دەهاتنە سەر ڕێگامان و داوای خۆشەویســتیان لێدەکردین، زۆرجار خوشــکەکانم وەڵامی کوڕەکانیــان دەدایەوە و هەندێکجــار وەڵامیــان نەدەدایەوە، خۆیان بێدەنگ دەکرد و ئەوانیش قســەیان پێدەوتن، لە خوشکە گەورەکانی خۆمم دەپرسی بۆچی وادەکــەن، ئایا دەبێت وەك ئەوان بم یان دەتوانم لاسایی خوشکەکانم نەکەمەوە، من نەمدەزانی چیبکەم و چ بڕیارێك هەڵبژێرم.

### وازهێنانم لەقوتابخانە

دوای ئەوەی پێوەندی خێزانیمان تێکچووبوو، بەجۆرێــك باوکم هیچ جۆرە دەســەڵاتێکی لەماڵەکــەدا نەمابوو، دایکیشــم بەئارەزووی خــۆی کاری نابەجێی دەکــرد و هەر ڕۆژەو پیاوێــك دەیهێنایەوە، تا کارگەیشــتە ئەوەی کەدراوسێکان داوایان لەخاوەن ماڵەکە کردبوو دەرمان بکات، ئەوەبوو خاوەن ماڵەکە بڕیاری دا دەرمان بــکات و بەمــەش خێزانەکەمان بەتــەواوی شــپرزە بــوون، کــەس ئاگای لەکــەس نەماو هەرکەســەو کەوتــە لایەك، ســێ خوشــکەکەی ترم چوون هەریەکەیان لەشــوێنێك کاریان دەکرد، دایکم بەمنی وت چیتر ناتوانین مەسرەفی قوتابخانەت بکەین ، دەبێت بچیت کاربکەیت، ئەوەبوو من سەرەتا بەقســەم نەدەکرد و چــووم داوای هاوکاریم لەمامێکم کرد کەلەباوکــم گەورەتربوو، داوم لێکرد ڕێگەم پێبدات وەك کارەکەرێك لەماڵی ئەواندا بژیم، چونکە ئەگەر لەماڵی خۆماندا بمێنمــەوە دەکەومە هەڵــەوەو وەزع و ژیانی خۆمانم بۆباســکرد، بەڵام مامم دەریکردم و پێیوتم ئەوان کەســیان ڕازی نەبوون کە باوکم دایکمــی هێناوە، چونکە دایکــم ناوبانگی بەخراپــە ڕۆیشــتووەو لەبەر ئــەوە هەرگیز ئامادەنابن هاوکاریم بکەن تەنانەت ڕازی نابن وەك ئیشکەرێکیش لەماڵی خۆیاندا دامبنێن، چونکە من کچی ژنێکی لەشفرۆشــم دوایی ناوبانگی خێزانەکەی ئەویش دەزڕێت، کاتێك گوێم لەو وشــەیە بوو تــەواو ڕووخام لەدڵی خۆمدا دەموت دەبێت من چ تاوانێکم هەبێت کە کچــی ئافرەتێکــم کەناوبانگی وا زڕاوە یان ئەگەر کچی ژنێکی لەشفرۆشــیش بم، مەرجە منیش لەشفرۆشبم، لەخۆمم دەپرسی بۆچی ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ مندا بەم شێوە دڵڕەقانە کرد ئایــا من هیچ تاوانێکم ئەنجام داوە، ئایا من هێشــتا هەڵەم نەکردووە کەچی ســزا دەدرێم ئایا بۆدەبێت ســزام بدەن خۆمن کەسێکی بێگوناهم.

من لەم هەموو کێشەو قەیرانەدا نەمدەزانی چیبکەم و ڕوو لەکــوێ بکەم و چۆن بتوانم خۆم ڕزگار بکــەم، ئەوەبوو بەناچاری دوای ئــەوەی کــە ڕووم لەهەرماڵێکی خزمان کرد دەریاندەکــردم ئیتــر زانیم کــە هیچ ڕێگە چارەیەکم نەماوە، لەبەرئەوە بڕیارمدا بەقسەی دایکــم بکەم و لەخوێنــدن وازبهێنم و دوای چەند ڕۆژێك دایکم منی برد بۆلای ژنێکی برادەری کە خەریکی جلوبەرگ بوو، بۆئەوەی کاری لەگەڵدابکــەم، ئیتر منیش بەناچاری دەستم بەکارکردن کرد.

### سەرەتایەك بۆ لەشفرۆشی

دوای ئەوەی کە خــاوەن خانووەکە ئێمەی دەرکــرد، چووینــە گەڕەکێکــی تر،لەوێ خانوویەکمــان بەکرێ گرت و ماوەیەك لەوێ ماینەوە، منیش دەستمکرد بەکارکردن لەو ماڵە چەنــد کچێك کاریان تیــادا دەکرد و ڕۆژانە لەخۆمم دەپرسی ئایا خاوەنی ئەم ماڵە چۆن دەتوانێت مووچە بۆ ئەم کچانە دابین بکات، واتــە لەدڵمدا لێکمدەدایەوە ئایا کارمان چییە وا ئەم کچانە بەیانیان دێن بۆئێرەو تەنیا یەك

دوانێکیان نەبێت کە لەسەرچەند مەکینەیەکی بەرگدروینن ئیتر ئەوانی تر هیچیان کاریان نییە و دانیشتوون ، خەریکی جگەرەکێشان و قسەکردنن، من لەدڵی خۆمدا لەخودی خۆمم دەپرسی تۆ بڵێی ئەم شوێنە کاری چی بێت ئایا دەبێت بۆچی ئەم کچانە لێرەبن، دەبێت چ جۆرە کارێکمان پێبکەن، دواتر زانیم، بەڵام خۆزگە هەر نەمزانیایە کە پیشەکەمان چییە، ئەویش کاری بەدناوی لەشفرۆشی بوو، لەمنداڵییەوە خۆمم لێدەپاراست و لەدەستی هەڵدەهاتم، بەڵام دواتر هەر بەرۆکی گرتم، دوای چەند رۆژێك ڕاستیەکەم بەتەواوی بۆ ڕوون بۆوەو زانیم خاوەنی ئەم ماڵە ئەم کچانە بۆکاری لەشفرۆشی بەکاردەهێنێت و هیچ جۆرە کارێکی درومانیان پێناکات و ئەوەندە نەبێت ناوی درومانی لێنراوە بۆئەوەی کەس درکی پێنەکات کەچی تیادا دەکرێت، وردە وردە هەستم پێکرد و ڕۆژانە دەمبینی پیاوێك دەهات کچێکی شۆخی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و پارەیەکی باشی پێشکەش بەخاوەن کارگەکە دەکرد، تا ڕۆژێك منیش وەك هەموو کچەکانی تر لەگەڵ پیاوێکی ناشریندا ڕۆیشتم ئەوەندە ناپەسەند بوو بەس بەبینینەکەی بێزار دەبوویت، بەڵام چاریشم نەبوو، هەروەك چۆن بڵێی هیچ ڕێگەیەکم نەمابوو، کەس بەهانامەوە نەدەهات، تەنانەت هەموو خزم و کەسیش حاشایان لێمان کردبوو ئیتر من چیم بکردایە، ڕێگەم نەبوو بۆیە ناچار بووم، ئەو ژنە زۆرداره هەر ڕۆژەو لەگەڵ پیاوێکدا منی دەنارد، بۆئەوەی بژیم دەبوو قبوڵی بکەم، ئیتر نەشەرمم ما نەئابڕوو ، بوومە کەسێکی لەشفرۆش و هەموو ئایینە ئاسمانیەکان لەعنەتیان لێکردووم.

بەندکردنم وەك تاوانبارێك

دوابەدوای بەردەوام بوونم لەسەر ئەو کارە، کاتێك دەگەڕامەوە ماڵەوە هەستم بەوە دەکرد ئێستا من وەك دایکم و خوشکەکانم دەژیم، چونکە دایکم هەموو خوشکەکانمی پێش من خستبۆوە ناو کاری لەشفرۆشیەوە و باوکیشم هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەکی نەدەکرد، باری خێزانەکەمان بەم شێوەیە بوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەلێواری دۆزەخ نزیك دەبووینەوە.

دەستگیرکردنی باندەکە لەلایەن پۆلیسەوە

دوای ئەوەی کەئەو ژنەی سەرۆك باندەکە بەئاشکراو بەبێ هیچ جۆرە ترسێك کەوتە کارپێکردنمان، خەڵکیش هەستیان پێکردبوو، شوێنەکەمان خرابۆوە ژێر چاودێرییەوە تا ڕۆژێکیان پۆلیس هەڵیکوتایە سەرمان من و چەندکچە لەشفرۆشێکی ناو ماڵەکەیان دەستگیرکرد و لەوێش لەگەڵ چەند ژنە سۆزانییەکدا دانرام ، بەتەواوی وەك ئەوانم لێهات. دەپرسم کێ وای لێکردم، ئافرەتی سۆزانی چ تاوانێکی هەیە، ئایا من تاوانبارم یان کۆمەڵگە یان هەموومان، ئامۆژگاری هەموو کۆمەڵگە دەکەم کە بەشێوەیەکی ورد مامەڵە لەگەڵ کچاندا بکەن و ئاگایان لێیان بێت نەك هەموو کچی ئافرەتێکی لەشفرۆش لەبەر ئەوەی کە دایکی لەشفرۆشە وەك ئەو سزا بدرێت، داوادەکەم با هەموو کچی ژنە لەشفرۆشەکان وەك دایکیان سزا نەدرێن.



ئا: بەهرە





# بۆچی کچان و ژنان هێندە بایەخ بەسنگ و بەرۆکیان دەدەن؟

❊ ❊ ❊

لەدێر زەمانەوە هەر لەوەتەی مرۆڤ هەستی بەبوونی خۆیی و دەوروبەری کردووە، هەروەك لە پەیکەرەکان و دیواربەندیەکانیش دەرکەوتووە کە جوانترین شت لای هونەرمەندەکان لە جەستەی ئافرەت سنگ و بەرۆکە، ناسکێتی ئافرەت و سادەوساکارێتی لەچەند شوێنێکی جەستەیدا دەردەکەوێت، بۆیە ئافرەتان بەردەوام هەوڵ دەدەن گرنگی بەو بەشانەی جەستەیان بدەن کە زیاتر لای خەڵکی سەرنجراکێشیان دەکات، جا چ لەکاتی کچێنی بێ یان لەکاتی شووکردندا. بۆیە دەبینین زیاتر گرنگی بەسنگیان دەدەن، چونکە وەك دەزانین بەشێکی سەرەکی مێینەی ئافرەت نیشان دەدات.

❊ ❊ ❊

## لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا
## کچی هۆت مۆدێلە

گوڵاڵە کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵە بەم شێوەیە دەدوێ «من وەك خۆم سنگم گەورەیە، ئەوەش قسەی هاورێکانمە، بەڵام ئێستا وەك مۆدێل ئەوە باوە کە کورد حەز بەکچی هۆت دەکات، کچیش هەر بەسنگ و قیتی دیاردەبێ و لەبەر ئەوەی کچان دەیانەوێ زیاتر لەلایەن کورانەوە گرنگیان پێ بدرێت هانا بۆ جوانکاری سنگیان دەبەن من وەك خۆم تەنیا لەکاتی لەبەرکردنی جلی کوردی وادەکەم، چونکە بۆجلی کوردی جوانە ئێستاش وەك کچێك لە سنگی خۆم رازیم، بەرای من بەشێکی مێینەی ئافرەت لە سنگیەتی».

### ژنان دوای هاوسەرگیریش
### بایەخ بە سنگیان دەدەن

داستان ئافرەتێکی تەمەن ٢٤ ساڵەو ماوەی ٥ ساڵە شووی کردووە دەڵێت «ئافرەت هەمیشە جوانی سینگی بەلاوە گرنگە جا چ کچ بێت یاخود دوای شووکردنی، بۆیە زۆر گرنگی پێ دەدات تا کچ بێت دەیپارێزێت و بەجوانی دەیهێڵێتەوە و کە شووی کرد بەحەزی هاوسەرەکەی دەبێت».

من وەك ئافرەتێکی خاوەن هاوسەر «پیاوەکەم بەلایەوە گرنگ نییە لەوەی سینگم گەورە بێ یاخود نا، بەڵام من هەمیشە بایەخی پێ دەدەم بەجۆرێك هەم جوانی من دەربخات و هەمیش بەدڵی ئەو بێت و سەرنجی رابکێشێت».

### جیاوازییە سەرەکییەکانی
### نێوان کچان و کوران جەستەیە

پەیمان کچێکی تەمەن ٢١ ساڵە دەڵێت «یەکێك لەجیاوازییە سەرەکییەکان لەنێوان ئافرەت و پیاو بێگومان من وەك کچێك لام گرنگە، چونکە کچ جوان دەکات و کار لەنەفسیەتی دەکات، ئەو کچانەی کە سنگیان بچووکە رەنگە کەمێك نارەحەت بن لەکاتی جل لەبەرکردندا، دژی بەکارهێنانی ئەو بابەتانەی پێویستن بۆ گەورەکردن نیم، بەڵام دژی بەکارهێنانی ماددەی کیمیاوییم و بە رێگەی سروشتی باشترە».

### زۆربەی ژنان بۆ رازاندنەوەی خۆیان
### بایەخی پێدەدەن

لانە کچێکی دەستگیراندارە تەمەنی ٢٨ ساڵە بەلایەوە جوانکردن و بایەخ پێدانی سنگ لەلایەن ئافرەتانەوە تەنیا بۆ پیاوان نییە، بەڵکو وتی «من هەر بۆخۆم دووجار دەرمانم بەکارهێناوە بۆ جوانکردنی سنگم، بەڵام کاتێك کە لە شاشەو رێکلامەکان دا گوێم لێ بوو خراپە بۆ تەندروستی دەستم لێی هەڵگرت، بەڵام بەگشتی سنگی مێینەی ئافرەت نیشان دەدات بۆیە دەبێ گرنگی پێبدرێت».

## د.عادل حسێن: Plastic Surgery)
## دوایین چارەسەرە ئەگەر مەسەلەکە
## ببێتە هۆی بێزارییەکی لە رادەبەدەر

### جوانکاری سینگ

ئایا نارەحەتیت لە دەست قەبارەی بچووکی سینگت، مەترسە ...نیگەران مەبە، بە تەنیا تۆ ئەم گرفتەت نییە، گەلێك ئافرەت نارەحەتن لەدەست قەبارەو شێوەیان، ئەگەر قەبارەکەیان بەدڵ بێت، ئەوا شێوەکەیان بەدڵ نییە، یان پتەوییەکەیان بەدڵ نییە، بۆیە بەدوای چارەسەردا دەگەرێن و گەلێکیان بریار دەدەن )ئەگەر جێبەجێشی نەکەن( کەنەشتەرگەری جوانکاری چاندنی تەنی دەستکرد Breast Implants) ( ئەنجام بدرێ.

ئافرەت بەر لەبریاردان دەبێ لەچەندین لایەنی مەسەلەکەدا بکۆڵێتەوە و ئاشنا بێ هەروەها بە وردی هەڵیانسەنگێنێ ئینجا یەکلایی بکاتەوە. بۆنموونە کاریگەری چاندنی ئەم تەنانە لەناو سینگ لەسەر تەندروستی گشتی ئافرەت، هەروەها پشکنینیان )بەدەست( بەشێوەیەکی دەوری لە پاش ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە، هەروەها پشکنینیان بە دەزگای نەخشە Mammogram) ( ناوە ناوە پێویست دەکات، جگە لەمانە مەسەلەی شیردانی سروشتی (شیری مەمك) و گۆران لە روخساری سینگ کە گرنگترین مەسەلەیە.

بەگشتی دوو جۆری چاندنی تەنی بیانی لە ناو مەمکەکاندا هەیە، سیلیکۆن Silicone)، سەلاین یان گیراوەی خوێ Saline. ئەمرۆ جۆری چاندنی سەلاین باوی هەیە، جۆری سیلیکۆن زۆر بە کەمی بەکاردێت، بەکارهێنانی سیلیکۆن هەر لەساڵی ١٩٩٢ دا پەسند ناکرێ، چونکە بەڵگە لەبەردەستدایە کە لە زۆر ئافرەتدا دەبێتە ئەگەری نەخۆشی لەشانە بەستەرەکانی مەمکدا و نەخۆشی لە دەزگای بەرگری لەشدا، بۆیە هەر لەو کاتەدا ئەو سیلیکۆنەی کە بۆ چاندن لەناو مەمکەکاندا بەکاردێ لە بازارەکاندا کێشرایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی ماددەی سیلیکۆن بۆ گەورە کردنییان .

### شێوەی سینگ

پێش بریاردان لەسەر نەشتەرگەری گەورەکردنییان، ئەوە زۆر باش بزانە کە تەنی چێنراو شێوە و چۆنیەتیان جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ سینگی ئاساییدا، بەتەواوی وەکو ئەوان نین، گەورەترن، هەروەها وا دەکەن کە زێدە خرتر پیشان بدەن، چونکە ئەم تەنانە لەشێوەدا وەکو نیو تۆپ Half Spheres وان، چونکە وەکو ئەوان پێکنەهاتووە لەشانەکانی شیر و شانە بەستەرەکان و شانە چەورییەکان، هەروەها کەلە تەنیشت سەیریان دەکەیت وا دیارە کە گرێیەك لە ناوەراستییان دایە، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك بێت جۆرە ئاوسانێك لە ناویان روویدات )بۆ نموونە لە کاتی سکپریدا( ئەوا ئاوسانەکە دەکەوێتە سەر تەنە چێنراوەکان بۆیە وا دێتە بەرچاو کە بووبێ بەدوو Double Breast ئەمەش شێوەی سینگ نارێك دەکات و وەکو ئەوە دیارە کە دوو تۆپی بە قەبارە لەوێدا دانرابن، کە لە ناوەراستیشدا بەیەکدەگەن ئەملا و ئەولا وەکو بۆشایی دێنە بەرچاو.

بەڵام کێشەکەی جیاوازە، لە کاتی نووستندا لەسەر سك ئافرەت هەست بەوە دەکات کە بەشە چێنراوەکە رەقتر و ساردترە. هەندێکجار لە هەندێك کەسدا شانەیەکی چر لە دەوری تەنە چێنراوەکاندا دروست دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە رەقتر بنوێنن.

چەندین گۆران لە شانەکانی سینگدا روودەدات کەئەم تەنانەی تێدا چێنراوە، ئەم گۆرانانە دەبنە مایەی نیگەرانی بەتایبەتی کە بۆ یەکەم جار هەستیان پێ دەکرێ. ئەو کرێمەی کە ئێستا لە بازارەکاندا دەفرۆشرێ گوایە مەمکەکان گەورە دەکات شتێکی بازرگانییە و هیچ بنچینەیەکی زانستی نییە، هیچ ئەنجامیشی نییە.